www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-10-2006 0:21

# دڵ ڕە ق بە رامبە ر قوربانیان و میهرە بان بە رامبە ر تاوانکاربارانی گەل!! ... قادر نادر

هەموو میللەتێک کەڕووبەڕوی کوشتاری بەکۆمەڵ بۆتەوە، هەوڵی داوە تۆڵەی سیاسی و یاسایانە ی خۆی لەم وڵاتە ی ئەنجامی داوە بکاتەوە، بۆ نمونە جولەکە لە ئەڵمانیا، بۆسنیەکان لە سربەکان، تەیموریەکانی ڕۆژهەلات لە ئەندەنوسیا ...

ئەمە جگە لەوڵاتێکی وەک کویت، بەهۆی کوشتنی بەکۆمەڵی نزیک بە 600 هاوڵاتیان، تائێستا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق بەتەواوی ئاسایی نەبۆتەوە، وە لەقەرزەکانی خۆشیان خۆش نابن، لەکاتێکدا ڕژێمی سەدامیش ڕوخاوە و هەردوو ولاتیش یەک نەتەوەو زمانن!!!؟؟

ئەرمەنەکانیش کە لە ساڵی1915 بەدواوە، تورکیا کوشتاری بەکۆمەڵی لێ کردوون، لەم کاتەوە تائێستا خەباتی ڕۆژانەی خۆیان دەکەن بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی تورکیا، تادا ن بەم تاوانە بهێنێت و داوای لێ بورد نیان لێ بکات. لەم بوارەشدا لە چەند ساڵی ڕابردودا سەرکەوتنی گەورەی سیاسیان بەدەست هێناوە، کە چەندین پەرلەمانی ئەورپی وکۆنگریسی ئەمەریکی دانیان بەوەداناوە، کەڕوبەڕوی کوشتاری بەکۆمەڵ بوونەتەوە، پێویستە حکومەتی تورکیاش داوای لێ بوردنیان لێ بکات.

کە دوایین سەرکەوتنیان ئەو بریارەی یەکێتی ئەورپایە کە ڕۆژی 27/09/ 06وەک مەرجێک بۆ ئەندام بوونی تورکیا لە م یەکێتیەدا دانراوە کە دەبێت دان بەو کوشتارە بەکۆمەڵەی ئەرمەن بهێنێت.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان حزب لڵاو ئیسرائیل، بەپێ ی بریارِی 1701 زۆر وڵات دەبێت هێزی خۆی بنێرێت بۆ سەر سنوری نێوانیان. یەکێک لەم وڵاتانە تورکیایە، بەڵام ئەرمەنەکانی لوبنان، بەخۆپیشاندان و نارەزایی دژ بەو بریارەی حکومەتی تورکیا وەستاونەتەوە.

ئێستا لە هۆڵەندە گەرمەی خۆسازدانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بۆیە هەر پارت ور ێکخراوێک هەوڵ دەدات زۆرترین جەماوەر بۆ لای خۆی کۆبکاتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئەورپادا هەر قسەو باس لەسەر بەرنامەی ئەو پارتە بۆ خزمەتگوزاری وڵاتەکە نیە، بەڵکو سیاسەتی دەرەوەی ئەم ووڵاتە و ڕووداوەکانی ناو نیشتمانی ئەو ڕەوەندانەش کە تیایە دەژین، کاریگەری خۆی هەیە. کە وەک نمونەیەک ئەم هەواڵەم لەماڵپەری pukonline خوێندەوە.

هەر دوو پارتە سەرەکیەکەی هۆڵەندا (پارتی مەسیحی دیموکراتی دەسەڵاتدارو پارتی کرێکارانی ئۆپۆزسیۆن) 3 کاندیدی تورکی تیابووە بۆ ئەم هەڵبژاردنە، کەلەکاتی گفتوگۆکان لەنێو خەڵکدا، ڕەوەندی ئەرمەن لە هۆڵەندا داوایان لەم 3 کاندیدە کردوە کە ئایا دان بەوە دادەنێن کە تورکیا کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنی ئەنجام داوە؟ هەر 3 کاندیدەکە نکۆڵیان کردوە و دانیان پێدا نەناوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕووبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر ببنەوە لە نێو میدیاو خەڵکی هۆڵەندا، چونکە پەرلەمانی هۆلەندی دانی بەوەدا ناوە کە ئەم کوشتارە بەکۆمەڵە، جینۆسایدە، کە لەساڵی 2004 وە لەسەر پێشنیازی پارتی یەکێتی مەسیحیەوە (تەنیا 3 ئەندامیان هەیە) پێشکەش کرا، دواتریش پەرلەمانی هۆڵەندی ڕەزامەنەدی لەسەر دەربڕی.

. سەرەنجام هەردوو پارتی سیاسی، هەر 3 کاندیدەکەیان دەرکرد لە بەردەوامی کاندید بونیان بۆ پەرلەماندا.

کەچی سەرکردە حەکیمەکانی کورد، ووڵاتەکەمانیان تەژی کردوە لە ئەنفالچی و فایلدار، کە بەئارەزوی خۆیان دەسورینەوە و نزیکە دەسەڵاتن. ئەمە جگە لەوەی ئەو خۆشگوزەرانی و دەستکەوتە مادیانەی بۆ تاوانبارە سەرەکیەکانی ئەنفال وەک سەرۆک جاشە بەشداربوەکان و فایلدارەکان هەیە، بۆ خودی خەڵکی ئەنفالکراونیە!!؟؟.

کاتێک ڕەوەندی کوردیش هەوڵی بەدادگایی کردنی جەلادی کورد (نزار خەزرەجیدا) سەرەتافشاریان خستە سەر ئەو کوردانەی دانیمارک کە سکاڵایان دژی تۆمار کردبوو تا پاشگەزیان بکەنەوە، وەدواتریش چەندین تۆمەتی ناشیرنی سیاسیان بۆ دۆزینەوە. وە تاکە بەڵگەیەکیش کە خەزرەجی لەبێتاوانی خۆی پیشانی دادگای دانیمارکی دەدا، ئەونامانەی هەر یەک لە پارتی و یەکێتی و خودی مام جەلال و بزوتنەوەی ئیسلامی بوو.

کەچی لەگەرمەی دادگایی کردنی سەدام و 6 لەتاوانبارانی بەعسدا، میدیا ی پارتی ویەکێتی لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا باسیان لەوە دەکرد کە پۆلیسی ئەنتەرپۆلی جیهانی داوای تاوانبار خەزرەجی دەکات!!؟؟

ئەمە جگەلەوەی کە دادگایی فرانس ڤان ئەنرانت ئەنجام درا، هیچ ڕۆڵیکیان نەبوو، کە شایستەی باس کردن بێت، تەنیا ئەوە نەبێت وەک خەزرەجی دژایەتیان نەکردین.

ئای لەم شەرمەزاریەی وولاتانی وەک هۆلەنداو دانیمارک بەدەیان ملیۆن ئیرۆ خەرج بکەن و دادگاکانیان والا بێت بۆ سزا دانی هەموو ئەم تاوانبارانەی کەتاوانیان دەرهەق بە کورد ئەنجام داوە، کەچی دادگاکانی کوردستان 15 ساڵە داخراوە لەئاست سەدان و هەزاران قارەمانی ئەنفالدا!!؟؟

لەم رۆژانەدا داوام لە برادەرێک کرد کە هەوڵ بدەین لە سوید هەڵمەتێک لە ئیمزا کۆکردنەوە ی پارت و ڕێکخراو کەسایەتیەکان کۆبکەینەوە تا پەرلەمانی سوید دان بەوەدا بنێت کە ئەنفال جینۆسایدە. ئەو برادەرە ئەوەی پێ ڕاگەیاندم بۆ پەرلەمانی کوردستان خۆی دانی پێداناوە تا ئێمە داوا لەپەرلەمانی سویدی بکەین؟ ووتم ڕاست دەکەیت لە مەسەلەی فرۆشتنی 18 کچی ئەنفالی گەرمیانیش بۆ ولاتی میسر، یەکێتی و پارتی لەو بارەوە نەک هەڵوێستی ڕەسمیان نیە، بگرە هەندێ جار لەبری حکومەتی میسر داکۆکیان لێ دەکەن کە ڕوداوی لەم چەشنە ڕووی نەداوە!!؟؟ کەچی پارتی چەپی سویدی بەیانامەیەکی سەبارەت بەو مەسەلەیە دەرکردوە و داوا دەکات حکومەتی میسر بەڕەسمی دەبێت داوای لێ بوردن لەگەلی کورد بکات.

لەسەروی هەموو ئەمانەدا کەسەیری کەناڵەکی ئاسمانی کوردیم دە کرد باس لە حەکیمایەتی سەرکردایەتی کوردی دەکات، یەکسەر کەناڵەکەم کردە سویدیووتم ڕاست دەکەن بەڕاستی زۆر حەکیمن، لەسیاسەتا دڵنەرم و میهرەبان لەبەرامبەر تاوانبارانی گەل، دڵرەقیش لەبەرامبەر ئەوانەی ڕەخنە دەگرن لەخەتە سورەکانیانەوە!!؟؟